REWAN U
ڕێوان

رۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی كانونی دووەم ٢٠٠٧ | ژمارە (١٤٠) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

ئەم حیزب و حکومەتانەش وانیشانی دەدەن کە ژنان لە ڕیزی دەسەڵاتەکەیاندا هەن، گەرچی وەک دیکۆرێکن و سەرنجی دەنگدەرانی ڕادەکێشین، هەمووش دەزانن کە بەرژەوەندی ئەو ژنانەو چەندین ژنانی دیکە پەراوێزکراوە. ل٦

# مهاباد محەمەد ئەمین "بەهۆی پەلەکردن لە سازدانی پلنیۆم ژنان پێشوەخت نەیانتوانی کۆببنەوە"


وێنەکە لە سایتی پی یو کەی میدیاوە وەرگیراوە

**پلنیۆمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نێوان پەسەند کردن و رەخنەی بەشداربوانیدا..** لە لاپەڕە ٤ دا چاوپێکەوتنێک دەخوێنیتەوە

# سلێمانی لەبەردەم مەترسی بڵاوبوونەوەی ئایدزدایە

# باندەکانی لەشفرۆشی روو لەسلێمانی دەکەن

باندەکانی لەشفرشی روو لەسلێمانی دەکەنو گەڕەکەکانیش مەزبەتەیان لێدەکەنەوەو دەریان دەکەن.

سەرۆکی باندێکی لەشفرۆشی دەڵێت "من دوو کچم پێیە، هەردوکیان خوشکنو تەمەنیان ٢٥ و ٢٣ ساڵەو ١٨ مۆبایلمان پێیەو خەڵکێکی زۆر لەسلێمانی لەپیرو گەنج داوامان دەکەنو بەرپرسێکی گەورە ئاسانکاریمان بۆ دەکات".

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو سەبارەت بەهاتنی ئەو باندانەو مەترسیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی دەڵێت "پێشتر باسمان لەنەخۆشی ئایدز دەکرد، بەڵام بەرپرسان نکوڵیان لێدەکرد، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دا ١٠ ژن ئایدزی هەبووەو نێردراونەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، هەر ئەو ١٠ ژنە تا رۆشتونەتەوە لەگەڵ چەند گەنجو پیاوی خاوەن منداڵی ئەم شارەدا کاری سێکسیان کردووە".

لە ل٢ بابەتێک دەخوێنیتەوە.

# دوعا بە دەستی هاوسەرەکەی کوژرا

لە شاری هەولێر ژنێك دەکوژرێت و پۆلیس هاوسەرەکەی دەستگیر دەکات.

بەپێی هەواڵێکی سایتی پەیامنێر لە سەرەتای ئەم مانگەدا ژنێکی تەمەن ٢٠ساڵ بە ناوی دوعا بە دو فیشەك دەکوژرێت و پۆلیسیش هاوسەرەکەی دەستگیر دەکات. لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتووە لە ئەنجامی لێکۆلینەوە بەراییەکان دەرکەوتوە ،ئەو ژنە کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەبووەو بەدەستی هاوسەرەکەی کوژراوە.

# پیاوێک لە رانیە ژنەکەی خۆی دەکوژێتو تەرمەکەی لە ماڵەوە بەجێ دەهێڵێت

پاش ئەوەی پیاوێك لەماڵەکەی خۆیاندا لە رانیە ژنەکەی کە تەمەنی نزیکەی ٣٧ ساڵە دەکوژێت، تەرمەکەی لەماڵەوە بەجێ دەهێڵێت.

هۆکاری کوشتنەکەو وردەکاریەکانی، تاکو ئێستا نەزانراوە، بەپێ قسەی هاورێیەکی پیاوەکە، رووداوەکە رۆژی ٢٠٠٧/١/٢ رویداوە لەلێدوانێکیدا ناوبراو ووتی" پاش ئەوەی ئەو پیاوە ژنەکەی کوشتوەو تەرمەکەی لەماڵەوە بەجێ هێشتوەو بەمنی ووتوە برۆ بە پۆلیس بڵێ ژنەکەی خۆی کوشتوە".

لەمبارەیەوە پەیامنێری رێوان لە ئۆفیسی رانیە رایگەیاند "هاوسەری ژنەکە پاش روداوەکە ئازادەو، تەرمی ژنەکەشی پاش ئەوەی لەلایەن پۆلیسی رانیەوە نێردراوەتە (توبی عەدلی) سلێمانی، کەسوکاری ژنەکە نەچونەتەوە بۆ وەرگرتنەوەی".

# سەنتەری هاوکاری عێراقی Iraqi Assistance Center منداڵانی کەڕوڵاڵ بەسەر دەکاتەوە

بەبۆنەی دامەزراندنی ئۆفیسەکەیان لە سلێمانی، سەنتەری هاوکاری عێراقی Iraqi Assistance Center لە دەست پێکی کارەکانیدا، پەیمانگای منداڵانی کەڕولاڵی لەسلێمانی بەسەر کردەوەو، هەندێ کەلوپەلی یاری بۆ منداڵان کرد بەدیاری.

سەنتەری هاوکاری عێراقی Iraqi Assistance Center، لەکۆتایی مانگی ١٢/٢٠٠٦دا وەك هەوڵێك بۆ یارمەتی منداڵانی کەڕولاڵ٧٥ منداڵی بەسەر کردەوە، بەنیازیشە لە ئایندەدا کاری زیاتر بکەنو پێگەی خۆیان لەسلێمانی فراوانتر بکەن.

# لیژنەی یاسایی پارلەمان داوای لێبوردن بۆ زیندانیەکان دەکات

لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیەکی خستۆتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانییەکان دەربکرێت.

لەم بارەیەوە لە لێدوانێکدا پەرلەمانتار تاریق جامباز ئەندامی لیژنەی یاسایی رایگەیاند" دوای ئەوەی وەفدێکی لیژنەی یاسایی سەردانی بەندیخانەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکی کرد، پێشنیازی لێبوردنێکی گشتی خستۆتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان"ناوبراو هیچ ئاماژەیەکی بە ناوەرۆکی پڕۆژەکە نەکردو وتی" رەنگە بەرلەوەی پڕۆژەکە لەلایەن پارلەمانەوە پەسەندبکرێ قسە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بکرێ بۆ ئەوەی لەکاتی بڕیارلێدانی یەکسەر جێبەجێبکرێ".

لەدوای راپەڕینەوە تائێستا هیچ لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانییەکان دەرنەکراوەو ئەوە یەکەمجارە پڕۆژە پێشنیازێکی وا دەخرێتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان.

هەر لەم بارەیەوە دکتۆر شوان محەمەد وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی" ئێمە چەندینجار لەگەڵ وەزارەتی دادو ناوخۆ باسی ئەوەمان کردووە کە یاسایەك دەربکرێ سەبارەت بە لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانییەکان، بەڵام ئەوان بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێمەدا نەبوون، هەروەها بێئاگایی خۆشی لەو پڕۆژەیەی پارلەمان پیشانداو وتی" ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئاگامان لەو پڕۆژەیە نییە".

لە p.u.k میدیاوە